Dengekan

# کەس بۆی نییە بەناوی هەڵەبجەوە بڕیار بدات!

***جەماوەری کوردستان ...***

***خەڵکی هەڵەبجەی سەدان جار لێقەوماو ...***

لە کاتێکدا نزیك دەبینەوە لە جێبەجێ کردنی بڕیاری لەسێدارەدانی گەورە دیکتاتۆر و خوێنمژی هەڵەبجە و گەلەکەمان و هەندێ ڕێوشوێن گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە لە سەر ئەرز و خاکی بە سوتماکبووی هەڵەبجە بەڕێوە بچێ و کەس و کاران و جێماوانی قوربانیانی هەڵەبجە کەمێ ئاهیان بە بەردا بێتەوە و بە چاوی خۆمان بۆ یەکەمین جار تۆڵەی کارەساتەکانمان ببینین ، هەندێ لایەن و خەڵکی نا ئاگا و نا سیاسیی و نا مەنتیقیی و ترسنۆك و کڕدراو لە لایەن ئەملاولاوە کەوتونەتە بایکۆتکردنی ئەو بڕیارە لە ناو شاری هەڵەبجەدا و رایانگەیاندووە ڕازیی نابین کە عەلی حەسەنی تاوانبار لە هەڵەبجەدا لەسێدارە بدرێ ! ئیدی بیانوویان هەر شتێك بێت ، ئێمە وەك دەستەی گەنجانی ڕۆشنبیر بۆ هەموو لایەکی ڕوون دەکەینەوە کە کەس مافی بڕیار و لێدوان و قسەی نا مەسئوولانە و ترسنۆکانەی نییە بە ناوی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکانەوە و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ لە بری هەڵەبجە و قوربانیانی و کەس و کارانیی و خەڵکە بێکەسەکەی بڕیارێکی لەم چەشنە ڕەد بکاتەوە و شەقام و میدیاکان بورژێنێ ، چونکە هەڵەبجە وەك چۆن بویە قەسابخانە بۆ ڕۆڵەکانی لە لایەن دوژمنەکانییەوە ئاوەهاش دەبێ ببێتە قەسابخانە بۆ دوژمنەکانی ! ئەوە جگە لە عاتیفەی سەقەت و ئینتیما بۆ پیاوکوژان و مرۆڤخۆران و خۆ جوانکردن لای عەرەب و دنیای مردارەوە بووی نیشتیمانی عەرەب و هەستکردن بە کەمیی و چەوساوەیی و بێ غیرەتی و بێ دەسەڵاتیی و نەبوونی هێزی تۆڵە هیچی تر نییە !

بۆیە بەم بەیاننامەیە ڕایدەگەیەنین ئەوەی بیەوێ بەهۆی لێدوان و هەڵوێستێکییەوە ئەو بڕیارە سەرنەگرێت و دژی بوەستێتەوە ، تاوانێکی گەورە ئەنجام ئەدا و دەسکەوتێکی خەڵکی مافخوراوی هەڵەبجە بە فیڕۆ ئەدات (ولکم فی القصاص حیاه یا اولوالالباب)، لێرەشەوە داوا دەکەین لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیی دارەکان لە زووترین کاتدا ئەو خائینە کورد کوژە هەڵەبجەیی خنکێنەرە بهێننە هەڵەبجە و نزیك لە ڕۆحی شەهیدان بە سزای بگەیەنن با شەهیدانمان ئاسوودەبن و کەس و کارانیشمان دەست بەسەر سنگیاندا بهێنن و کەمێ ئۆخەی بکەن ، چونکە ئەو چەوساوەیەی بڕوای بە تۆڵە نەبێت هەرگیز هەست بە ئازادی و سەربەستیی ناکات و ئەو گەلە قوربانیدەرەشی تۆڵەی قوربانییەکانی نەکاتەوە هەمیشە بێدەنگ و چەپاو و مردووە ،دیارە خەڵکێك ترسی لە پێگە و ئایندە و سەفەر و پەیوەندییەکانی خۆیەتی و خەڵکێکیش بە بڕو بیانووی ئەوەی نەبینە دوژمنی عەرەب و سوننە و بۆ ئەوەی تووشی شەڕی تائیفی نەبین ! ئەم هەڵوێستە دەنوێنن و سەرنجی جەماوەریش بە سۆز و ئینتیمای مرۆڤپارێزیی بۆ ئەو پیاوکوژە بۆ خۆیان ڕادەکێشن ! بەڵام لەبیریان چوو مرۆڤخۆرەکانی وەك سەدام و عەواد و بەندەر و بەرزان و عەلی و هاو شێوەکانیان لەسەر و خواری حکومەت و حیزبی بەعس لە ڕابردووی دوور و نزیکدا چیان پێنەکردین ! ڕۆژانی ئاوارەیی و ماڵوێرانیی و دەردەسەریی و ڕفاندن و زیندان و کوشتن و بڕین و لێدان و ئیهانە بە ژن و حورمەت خستنە ژێر پێ و سەرکوتکردن و زیندەبەچاڵ و ئەنفال و کیمیا و ڕاکردنی پێخاوس و بێ نان و ئاوی سنورەکان و هەڵهاتن و ژێرخێمەکان و ژیان سەخیفی ژێر هەیمەنە و چەپۆکی ئەم دڕندانەیان لەبیر چۆتەوە ، ئێش و ئازاری تولانیی و کەساسیی و کەلەلایی و برینداریی ئەم خەڵکەیان لە یاد نەماوە ، لە لەسێدارەدانی سەدامیشدا هەر ئەم دەستە ترسنۆك و نا سیاسیانە بوون ویستیان فرمێسك بۆ مردنەکەی بڕێژین ! ئێستاش دەیانەوێ وا لە خەڵك بگەیەنن لێبوردن باشترین تۆڵەیە و با هەڵەبجە و خاکەکەی پیس نەبێ و لای دنیای عەرەب و دەرەوە ناشرین نەبین و لە هەڵەبجەدا بێت یان بەغدا جیاوازیی نییە و بیانووی لەم شێوانە ! بێئاگا لەوەی تۆی کورد و هەڵەبجەیی مادەم کورد و هەڵەبجەییت هەر نەیاری ئوممەی عەرەبیی و هەر دوژمنیت و هەر بێگانە پەرستیت و هەر وەرگەڕاوەیت ! پاشان لە چی دەترسیت چیت هەیە تا بیدۆڕێنیت ، بەعس و عەلی و دارودەستەکەی چیان بۆ هێشتیتەوە ؟ تەنانەت ئابڕوشیان نەتکاندین و بەسەر پشتی ئافرەتانی داوێن پاکی کوردەوە دۆمینەیان نەدەکرد ؟ پاشان دەوترێ حکومەتی عێراق با لە جێی ئەم کارە قەرەبووی هەڵەبجە بکاتەوە و داوای لێبوردن لە کورد بکات و مەسەلەی دەستوور و مادە دیاری کراوەکان جێبەجێبکات ، ئەمانە کەی پەیوەندییان بە لەسێدارەدان و تۆڵەوە هەیە ؟ گرنگ ئەوەیە هەڵەبجە شەرەفی ئەو تۆڵەیەی پێبدرێ کە خوا و شەرع و یاسا و حکومەت و دەوڵەت لەگەڵیدان ، ئەم تۆڵەیەش تۆڵەی تاکەکەس نییە و کەس خاوەنی نییە نەتەوەیەك نەبێ و تۆڵە لە کەسێکیش ناکرێتەوە کەلتوور و نیزامێکی دیکتاتۆر نەبێ ، ئەوەشی دەڵێ بۆ کورد وهەڵەبجەیی چ سودێکی هەیە ئەی لە نەکردن و ئازادکردن و لە شوێنی دیکەدا جێبەجێ بکرێ چ سوودێکی هەیە ؟ لە کۆتایدا ئێمە وەك دەستەی گەنجانی ڕۆشنبیر هەموو مافێك دەدەینەوە بە جەماوەر و خەڵك و با ئەوان بڕیار بدەن و لەگەڵ هەر هەوڵ و هەستێکی تۆڵە سەندنەوەیشداین لەسەر خاکی هێشتا بۆنی کیمیا لێهاتووی هەڵەبجەدا ئیدی هەر لایەك بێت بە تایبەت پارلەمان و حکومەت کە بە ناوی خوا و گەلەوە بڕیار دەدەن .

**دەستەی گەنجانی ڕۆشنبیر**

17 ی تەممووزی 2007

**هەڵەبجە**